Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/jug.19621

# سایکۆ- ئۆنتۆلۆجیای هیچگەرایی زمان  لە دیوانە شیعری  (EXil) ی فەرهاد پیربال- دا

**ابراهیم عبدالرحمن محمود**

**کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان- خانەقین، زانکۆی گەرمیان**

***Article Info***

Received:  April, 2019
Revised:April,2019
Accepted: May ,2019

***Keywords***

ئۆنتۆلۆجیای ، هیچگەرایی ، فەرهاد پیربال

***Corresponding Author***

**پێشەکی**

ناونیشانی توێژینەوەکە و هۆی هەڵبژاردنەکەی: ناونیشانی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە) سایکۆ-ئۆنتۆلۆجیای هیچگەرایی زمان لە دیوانە شیعریExil ی فەرهاد پیربال-دا(، هۆی هەڵبژاردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەم بابەتە لەڕووی تیۆریی و پراکتیکیشەوە یەکەم جارە کاری لەسەردەکرێت و دەخرێتەڕوو.

سنووری توێژینەوەکە: سنووری ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە شیعرەکانی دووتوێی دیوانیExil ی فەرهاد پیربال، کە یەکەمین ئەزموونی شیعریی چاپکراوی ناوبراوە.

گرنگیی توێژینەوەکە:  گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە لەڕووی هەردوو ئاستی سایکۆلۆژیی (دەروونناسی) و ئۆنتۆلۆجی (بوونناسی)ییەوە لە هیچگەرایی زمان دەڕوانێت، کە ئەمەش ڕوانینێکی نوێیە بۆدۆخی زمان لەم بەستێنەدا.

میتۆدی توێژینەوەکە:  بۆئەوەی توێژینەوەکە بە ئاراستەی زانستیبووندا هەنگاوەکانی خۆی بنێت، پشتمان بە ڕێبازی (ڕەخنەیی- شیکاریی) بەستووە.

کێشەی توێژینەوەکە:  کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لەو پرسیارەی کە ئاخۆ لە ڕوانگەی سایکۆلۆجی و ئۆنتۆلۆجییەوە زمان لە شیعرییەتی هیچگەراییدا چۆن دەکەوێتە کارو چ جۆرە شیعرییەتێك بەرهەم دەهێنێت؟

پێکهاتەی توێژینەوەکە:  بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە هەر بەشێکیش دوو تەوەرو چەند لاتەوەرێك لەخۆدەگرێت، ئەویش بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم تایبەتە بە تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە، ئەمەش لەڕێگەی دوو تەوەرەوە ئەنجام دراوە. لە تەوەری یەکەمدا ئاوڕمان لە کێشەی تێرمینۆلۆجی هیچگەرایی و ماهییەتەکەی داوەتەوەو لە تەوەری دووەمیشدا باسمان لە پەیوەندیی نێوان شیعرو هیچگەرایی کردووە، کە لەمەشدا پەیوەندیی زمان و هیچگەرایی لەڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە ڕوون کراوەتەوە .

لە بەشی دووەمدا، کە پراکتیزەی سایکۆ- ئۆنتۆلۆجییانەی هیچگەرایی زمان لە نموونەی شیعرەکاندا، بە دوو تەوەر ئەم لایەنە ڕوون کراوەتەوە. لە تەوەری یەکەمدا دەرکەوتەکانی هیچگەرایی زمان لەڕووی دەروونییەوە باس کراوەو لە تەوەری دووەمیشدا دەرکەوتەکانی هیچگەرایی زمان لەڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە باسیان لێوەکراوە. بەم شێوەیەش توێژینەوەکە دەگات بە گرنگترین ئەنجامەکانی خۆی و لەکۆتاییدا پووختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە بەرچاو

## بەشی یەکەم

## تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم/ کێشەی تێرمینۆلۆجی و ماهییەتی هیچگەرایی

**هەموو زاراوەیەك دەروازەیەکی باشە بۆ ناسینەوەی چەمکەکەی، بۆیە کاتێك باس لە پووچگەرایی دەکەین بە جۆرێك لە جۆرەکان دووچاری گرفتی زاراوەسازیی دەبینەوە، بەوپێیەی لە زمانی کوردیدا هێشتا وەك پێویست یەك زاراوەی پڕبەپێست بەرانبەر بەم چەمکە نییە، بەڵکوو چەند زاراوەیەك لەیەك کاتدا بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێت، وەك: (هیچگەرایی، پووچگەرایی، نەبوونگەرایی) و لەپاڵ ئەمانەشدا زاراوە لاتینییەکە (نهیلیزم) وەك خۆی بەکاردەهێندرێتەوە، هەروەك لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (العدمية) بەکاردەهێندرێت. (دەڕوانرێتە: المنجد في اللغة والاعلام، 2008، 492)، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ بنەچەی زاراوەکە، دەبینین لە وشەی(Nihil) هوە وەرگیراوە، کە**

ئەمەش بۆخۆی واتای هیچ دەگەیەنێت، هەموو هیچێکیش نەبوونە (حاجی زادە، 2018، 283)، کاتێکیش دەبێت بە ڕێبازێکی فیکری و فەلسەفی، ئەوا زاراوەی (نهیلیزم/ هیچگەرایی) لێ پەیدا دەبێت، کە ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان بەکاری دەهێنین و ئەمەش واتای ((نەلێکردنە لەوەی کە بنچینە و بناغەیەکی بابەتی لە ئارادا بێت بۆ زانستی و مۆراڵ.))(لۆبیکا، 2019، 700) نەلێکردنیش لە زانستی و مۆراڵ واتای ((نەمانی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و بێ ئامانجبوونی وجود و ژیان، ئەو بەهایانەی ئاین بانگەشەیان بۆ دەکات. مەبەست لە نهیلیزم ڕێچکە بیرکردنێکە، کە نکۆڵی لە هەر جۆرە ناسین و بەها و بوونێك دەکات، لایەنگرانی ئەم ڕێبازە هەر جۆرە بڕوا و باوەڕێك بە پووچ دەزانن و بەسووکایەتییەوە دەڕواننە گشت دابونەریتەکان.))( سەلاحی، 2008، 195- 198)

دەبێ ئەوەش ڕوون بکەینەوە، کە ئەم (هیچگەرایی)یە زاراوەیەکە لە بواری ئەدەبییاتدا زیاتر مەبەستەکە دەپێکێت، وەك لە زاراوەی (نەبوونگەرایی)، بەوپێیەی کە ئەمەی دواییان زیاتر تایبەتە بە پرسە فیکری و فەلسەفییەکان، واتە لەڕێگەی نەبوونگەرایی فەلسەفییەوە، هیچگەرایی دێتە ناو دەقی ئەدەبییەوە. لەم ڕوانگەوە چەمکی هیچگەرایی دەبێتە لێکۆڵینەوە لەبارەی هیچەوە، واتە وردبوونەوە لە نەبوون، بەڵام لەڕاستیدا نەبوون شتێك نییە بتوانین ببینین، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە نەبوون شتێکی بەرهەست نییە، هەربۆیە هیچگەرایی ((بەو واتایەی کە بریتییە لە ڕوانین و ڕامانێك، لە ئەنجامی بێئومێدی و جۆرێك لە شك و گومان لای مرۆڤ دروست دەبێت، لەسەردەمێکدا کە بەها کۆمەڵایەتییەکان و شیرازەی ئاکار و ڕەوشت بەرەو هەرەس دەچێت و ئەو هیوا و ئاواتانەی مرۆڤ لە سەردەم و ڕۆژگاری خۆی هەوڵی بۆ دەدا بەرەو لێکترازان و داڕمان دەچێت، نهیلیزم دەبێت بە بەشێك لە بیرکردنەوەی کەسەکان.)) (حوسێن، 2014، 266)

کاتێك مرۆڤ دەگات بەو باوەڕەی کە هەموو شتێك لە ژیاندا تێکشکاوە، ئەوا بەومانایە دێت، کە هەموو شتێك چوونیەك لە ئاستێکی نزمدایە و بێمانایە، چاکە و خراپە، جوان و ناشرین، بەمەش بوون و نەبوون دەچنە یەك ئاستەوە و ژیان هیچ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە، تا دەستی پێوەبگرین، بۆیە کەسی هیچگەرا بە ڕواڵەت وەك بوونێکی نێگەتیڤ دەردەکەوێت، چونکە ((بەشێوەیەکی هەمیشەیی ماندووە، هەموو شتێکی دۆزیوەتەوە و لە هەموو شتێك تێگەیشتووە، لەو ڕوانگەوە تەنها ئاکام دەدات بەدەستەوە، ژیان ئەوە ناهێنێ خۆتی بۆ بێزار بکەیت، چونکە هەموو چاوەڕوانکردنە مەزنەکان، هەموو ئومێدە گەورەکان و هەموو خەونەکان لەمێژەو لە سایەی ژیاندا نەماون، ئێستاکەش هەروەك پێشووتر تەنها یەك شت لە ئاسۆی ژیاندا بەدی دەکرێت، ئەویش کتومت هیچێتییە.)) (گاردەر و بیۆهمە، 2014، 962- 963) بەم شێوەیە لە ڕوانگەی جیهانبینیی هیچگەراییەوە، گرفتی ناسینەوەی نەبوون وەك (نیچە) دەڵێت: ((لەناوبردنی هەروا کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی دیاردەیەکی تازە نییە لە ئەوروپا، بەڵکوو ئەمە ئەوەیە، کە سوکرات خۆی هەستی بە پووچی و بەتاڵیی بوون دەکرد.))(کۆمەڵێك نووسەر، 2011، 135- 136) دیسانەوە هەر ئەو فەیلەسووفە ((کاتێك جۆرەکانی نهیلیزم دیاریی دەکات، بێمانایی و پووچی ژیان و باوەڕبوون بە جیهانێکی تر، کە جیهانی ڕاستەقینەیە، بە نهیلیزمی کارلێکراو ناودەبات.))( یاسین، 2000، 49- 50)

هیچگەرایی دۆخێکی دەروونیی و فەلسەفییە، ئەگەر بەوردی لەم دۆخە تێ نەگەین، ئەوا ڕاستەوخۆ بەسەر هەڵەیەکی فیکریی گەورەدا دەچین، ئەویش ئەوەیە کە هەموو هیچگەرایەك دوژمنی ژیان و بوون و جوانییەکانە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە هەڵەتێگەیشتنە لەم چەمکە، چونکە ئەوەتا (ئەلبێر کامۆ)ی گەورە فەیلەسوفی بوونگەرا، کاتێك لەبارەی هیچگەراییەوە دەدوێت، بە هەموو شێوەیەك خۆکوشتنی جەستەیی و فەلسەفییانەیش ڕەت دەکاتەوە و بە بڕوای ئەو ((نەفیکردنی عەقڵ و باوەڕهێنان بە دنیایەك یان ئەلتەرناتیڤێکی دی، کە لە ئیمانەوە سەرچاوە وەردەگرێ، هەم باوەڕی بە خۆکوشتنی جەستەییش نییە، چونکە ڕەتکردنەوەی لۆژیکی پووچییە.))(بەرزنجی، 2006، 99) هەربۆیە دەبینین کامۆ لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف)ەکەیدا، بانگەشەی ئەو ژیاندۆستییە دەکات، کە لە دەرئەنجامی پووچێتییەکەیەوە بەدەست دەهێندرێت، واتە ((تراژیدیای مرۆڤایەتی بەلای کامۆوە لە ناماقوڵیی ژیاندایە، ئەو ناماقوڵییە تەنها لەوەوە سەرهەڵنادات، کە مرۆڤ بەرانبەر مردن وەستاوە، بەڵکوو لەبەرئەوەشە لەنێو ئاژاوەدا، لەنێو بێدادی و ناعەقڵانییەتدا دەژێت... ژیان ناماقوڵە هەرچی مرۆڤیش دەیکات لە چوارچێوەی ئەو ناماقوڵییەدایە لەبەرئەوە مرۆڤ سیزیفە و هیچی تر.))( میراودەلی، 1979، 354- 355)

مەبەست لەوەی مرۆڤ سیزیفە ئەوەیە، کە دەبێت دان بەوەدا بنێت، کە ژیان پووچە و هیچی تێدا بەسەر نییە، واتە دەبێت مرۆڤ بگات بەو ڕاستییەی کە بوون و ژیانی ئەو ناماقوڵە، بەڵام ئەم ڕاستییە نابێت بەرەو ئەوە ببیات، کە ئیتر دەست لەو بوونەی خۆی هەڵبگرێت، چونکە ژیان بەو ناماقوڵییەی خۆیەوە بەردەوامە و لە حاڵەتی ئەوەی ئێمە بمانەوێت لێی ڕابکەین، ئەوا واتای خۆبەدەستەوەدان دەگەیەنێت، ئەمەش بۆ مرۆڤی هیچگەرا شوورەییە! لەم ڕوانگە فەلسەفییەوە (کامۆ) هەمیشە پێداگریی لەسەر ئەوە کردووە، ((پرسی ژیان ئەو پرسە سەرەکییەیە، کە فەلسەفە لێی دەکۆڵێتەوە، لێرەوە هەوڵی ئەوەی دەدا، کە لە قووڵاییدا لە پەیوەندیی نێوان بوونی بێهوودەیی و هەستی بێهوودەیی لەبەرانبەر ژیان و خۆکوشتن و هیوا و ئازادی و کاریگەریشیان بڕوانێ... کاتێ مرۆڤ توانی بە ڕاڤەیەکی سەلمێنراو بگات، ئەوا تا ڕادەیەك دنیا لای تێگەیشتوو و قبوڵکراو دەبێ، بەڵام کە هەست بە وەهمی ئەم ڕاڤەیە بکات، ئەوا بەخێرایی هەست بە نامۆیی لە گەردووندا دەکات و لەبەرانبەر پرسیارێکدا هەڵوێستە دەکات، کە ئایا ژیان ئەوە ئەهێنێ مرۆڤ تێیدا بژێت؟ ئا لێرەوە هەستکردن بە بێهوودەیی سەرهەڵدەدات.))( کامۆ، 2015، 45) بەم شێوەیە لەو دۆخە تێ دەگەین، کە هیچگەرایی لەکاتێکدا هەڵوێستێکی فەلسەفییە، کەچی ڕەهەندێکی قوڵیشی

لەناو ئەدەبییاتدا هەیە، ((پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە پێیان وایە، کۆی جیهان بە هەموو ئەوانەی لەناویدان بە مرۆڤیشەوە بێبەهایە و هیچ واتایەکی حەقیقییان نییە، بە بڕوای ئەوان مرۆڤ هەمیشە لە حاڵەتی دڵەڕاوکێدا ژیان بەسەر دەبات و لەهەمان کاتدا ئازادیی ڕەها بوونی نییە، دونیا ناماقوڵ و ژیان بەلاش و بیرکردنەوەی بێسوود هەموو شتێك لە لێوارێکی هیچ و پووچی دایە.))( میهرین، 2009، 296)

ئەدیب و فەیلەسوفانی هیچگەرا، ((قورسایی ڕێبازەکەیان لە چۆنێتیی بیرکردنەوەی مرۆڤدا چڕکردووەتەوە و جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەگەر مرۆڤ بتوانێ ژیانی خۆی هیچگەراییانە درێژە پێ بدات و بیری خۆی گەشە پێبدات، تا لە ئاستی بیرکردنەوەی ئاژەڵییانە دووربکەوێتەوە، کە هیچ لە واتای بوون تێ ناگات و بگات بە ئاستێك، کە درکی نەبوون بکات، ئەوا دەتوانێ بگات بەو دۆخەی کە ئیتر هەست بە بێهوودەیی بوونی خۆی و ژیانیش دەکات.))(جرکس، 2017، لینك) ئەمەش هەنگاوێکە بەرەو هیچگەرایی- چوون. ((هەر بەم بۆنەیەشەوە زۆرێك لە فەیلەسووفان پێیان وابووە، کە ئادەمی تا لەم جیهانەدا دەرکێك یان شیکردنەوەیەکی لەبارەی عەدەمەوە نەبێت، ئەوا ناتوانێ حەقیقەتی خۆی بناسێت. لای زۆربەی فەیلەسوفان، عەدەمناسی دەسپێکی بوونناسییە.))( تەرەقی، 2016، 16)

کەواتە مرۆڤ دەبێت لەناو هیچێتیی بوون ژیاندا دەرکی ئەوەی کردبێت، کە ئەو بوونێکە بەرەو مەرگ دەڕوات، بەمەش بوونی مرۆڤ دەبێتە خاوەن خەسڵەتێکی تراژیدیی، بۆیە بە ڕای (فریدریك نیچە) مرۆڤی ڕەسەن دەبێت وەك (پرۆمیتۆس) بەرەو پیری مەرگ بچێت و وەك (ئۆدیب) بەوپەڕی ورەبەرزییەوە بەرەنگاری مەرگ ببێتەوە، لەکاتێکدا ئەوان دەیانزانی لەبەرانبەر خواوەندەکاندا تێکدەشکێن و هەرەس دێنن، کەچی لە مەیدانبازیدا هیچ نەتۆقین و هەر سووربوون لەسەر بەرەنگاربووەنەوە.(دەڕوانرێتە: کامل، 2015، 146) ئەم تێگەیشتنە نیچەییە بۆ چەمکی هیچگەرایی دەچێتەوە سەر ئەو باوەڕەی کە ))زۆرجار وەك نەناسینخوازیی noncognitivism ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەومانایەی واباشترە مرۆڤ تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانەدا بکات، کە تێیان دەگات)((.لۆبیکا، 2019، 700)

## تەوەری دووەم/ پەیوەندیی نێوان شیعر و هیچگەرایی

گەڕان بەدوای پەیوەندیی نێوان شیعر و هیچگەرایی، واتای گەڕانە بەدوای پەیوەندیی ئەدەب و فەلسەفە، چونکە دواجار شیعر جۆرێکی سەرەکییە سەر بە دنیای ئەدەب و هیچگەراییش ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی بوونگەراییە لەناو ئەدەبدا، بەوپێیەی کە ((پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان بوونگەرایی و نهیلیزمدا هەیە.))(ئارێز، ؟، ل25) بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە ((هەندێ لە ڕەخنەگران، نهیلیزم بە ڕوویەکی تری ڕێبازی بوونگەرایی ناودەبەن، کە هەر یەکێکیان هەوڵ دەدەن لە گۆشەیەکی تایبەتییەوە لە مرۆڤ بکۆڵنەوە.))( حوسێن، 2014، ل265)

بەدیوێکی تردا هەر قسەکردنێك لەبارەی ئەم پەیوەندییەی نێوان شیعر و هیچگەرایی لەلایەك و ئەدەب و فەلسەفە لەلایەکی ترەوە، دەمانباتەوە سەر قسەکردن لەبارەی ڕۆڵی زمان لەنێو بووندا، چونکە دواجار هەریەك لەو لایەنانەی ناومان بردن لەڕێگەی زمانەوە خۆیان نمایندە دەکەن، ئەمەش بەوپێیەی کە (مارتین هایدیگەر) گەورە فەیلەسووفی بوونگەرا دەڵێت: ((زمان ماڵی بوونە))(أحمد، 2008، 184)، کەواتە کاتێك لەبارەی بوون و نەبوونەوە دەدوێین، ئەوا لەبارەی زمان و نەبوونیشەوە دواوین، هەروەك ((ئەم بۆچوونە زیاتر لە بیروڕاکانی هایدیگەردا قووڵ بووەتەوە، کە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، پەیوەندییەکی ڕێژەیی لەنێوان بوون و نەبوون (پووچی)دا هەیە، کاتێك دەڵێت: نەبوون لە ژیانماندا بوونی هەیە.))( حوسێن، 2014، 265) کەواتە بۆئەوەی ((لە بوون تێ بگەین و بیناسین، سەرەتا دەبێ توخمی بەرانبەری ئەو واتە (عەدەم) بناسین و تێبگەین.))( تەراقی، 2015، 16) ڕێگەی هەرە سەرەکییش لە تێگەیشتنی ئێمەدا بۆ نەبوون، بریتییە لە خودی زمان، چونکە بوونی ئێمە لەناو ماڵی زماندایە، وەك هایدیگەر دەڵێ، بەم پێودانگەیش زمان بەلای ئەوەوە بۆخۆی خاوەن بوونێکی سەربەخۆیە و بوونی مرۆیی لەناو ئەم ماڵەدا وەك دەرکەوتەیەك خۆی نمایندە دەکاتەوە، واتە بوونی مرۆڤ لە پەیوەندیدا بە بوونی زمانەوە، وابەستەیە بەو پێناسە ئۆنتۆلۆجییەوە، کە دەڵێت: ((بوونی هەر شتێك پەیوەستە بە بوونی دەرکپێکردنییەوە.))( أورو ، 2012، 210) بەم شێوەیە مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوە دەرك بە بوونی خۆی دەکات و لەڕێگەی بوونی خۆیشییەوە دەرك بە بوونی زمان دەکات.

هەر ئەم تەرزە لە تێگەیشتن و دیدگا بەرانبەر بە پرسی زمان لە ڕوانگەی هیچگەراییەوە، دەرگای ئەو بۆچوونەی (کامۆ)مان بە ڕوودا دەکاتەوە، کە لەبارەی ئەدەب و شیعری هیچگەراییەوە پێی وایە ((مرۆڤ دەتوانێت ڕێ بە خۆی بدات ناعەدالەتیی جیهان ڕەت بکاتەوە و داوای ئەو عەدالەتە تەواوەتییە بکات، کە بە تەنها خۆی دەتوانێت بیخوڵقێنێت، بەڵام ناتوانێت ناشرینی هەموو دونیا بسەلمێنێت، مرۆڤ بۆ خوڵقاندنی جوانی دەبێ هەم واقیع ڕەت بکاتەوەو هەم هەندێ لایەنی ستایش بکات.))(کامۆ، 2012، 376- 377) ئەم دنیابینییەش لەڕێگەی زمانێکەوە دێتە دی، کە توانای ڕەتکردنەوەی هەبێت، دیارە هەر جۆرە ڕەتکردنەوەیەکیش وابەستەیە بە نەبوونەوە، نەبوونیش لە زماندا، واتای هیچگەرایی زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

شێوازی پەیوەندیی نێوان شیعر و هیچگەرایی پەیوەستە بەو تێڕوانینەی کە ((چارەنووسی بوونی مرۆیی دەبەستێتەوە بەو پشێویی و پووچییەی بوونەوە، کە هیچ مانایەکی جەوهەریی تێدا نییە.))(منصور، 2008، 206) و ئەمەش لەناو زماندا ڕەنگ دەداتەوە، هەر لە سەردەمی میتافیزیکای یۆنانییەوە و لەلایەن ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە قسەی لەبارەوە کراوە و دواتریش هایدیگەر، لە دامەزراندنی سیستمە ئۆنتۆلۆجییەکەی خۆیدا لە کتێبی (بوون و کات)دا و هەروەها لەڕێگەی شیعرەکانی (هۆڵدەرلین)ەوە ئەم پرسەی شیتەڵ کردووەتەوە و

گەیاندوویەتییە ئاستێکی فەلسەفی و ئۆنتۆلۆجییانەی تایبەت بە خۆی، هەروەك لەبارەی ونبوونی هیچگەرابیانەی مرۆڤی سەردەمەوە بەیتێکی شیعری هۆڵدەرلینی شی کردووەتەوە و لەبارەیەوە دەڵێت: ((تەنها رێگا بۆ رزگاربوون لەو حاڵەتە نەرێیە، پەنابردنە بەر ئەدەب و دەربڕینی (خۆ)و دۆزینەوەی ڕاستەقینەی بوونە.))(کەمال، 2007، 110)

بەم شێوەیە زۆرجار شاعیران لەرێگەی باوەڕی هیچگەرابیانەی خۆیانەوە بەرهەمی شیعریی دەخەنەڕوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەم باوەڕەی شاعیران لە ئەنجامی ئەزموونێکی قووڵەوە لەگەڵ بووندا لەدایك دەبێت، بۆیە کاتێك خوێنەر سەرودەر لەگەڵ ئەم جۆرە لە دەق ئەدەبیدا دەکات، دەگات بەوەی کە ژیان هێشتا شتێکی بە بەرەوە ماوە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت تێیدا درێژە بەو بوونەی خۆی بدات، ((ئەمەش چونکە بنەچەی هیچگەرابی لەرێگەی شیعرەوە دەگۆڕێت بۆ بەرەوپێشەوەبردنی خواستی ژیان لای مرۆڤ))( هیوستین، 2012، 29) چونکە ئەم جۆرە لە جیهانبینیی شیعریی زادەی ئازارێکی بوونگەرابیانەی شاعیرە.

بەم شێوەیە لەرێگەی شیعرەوە ((زمان زیاترلە هەر جێگەیەکی تر گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات، ئەمەش لەرێگەی ئەو خۆوێرانکردنەوە دەبێت، خۆوێرانکردنی زمان لە شیعردا، کە بەرەو ڕووناکیی بوون و نەبوونمان دەبات.))( فاتیمو، 1998، 216) بۆیە کاتێك زمان لە ئەدەبی هیچگەراییدا دەکەوێتەگەڕ، ئەوا لە ڕوانگەی ئەوەی کە ((هەر مرۆڤێك بوونێکی جیاواز و سەربەخۆیە، کە بەشێوەیەکی ناشرین فڕێدراوەتە ناو جیهانێکی نامۆوە))( شمیسا، 2016، 216) بۆیە زمانیش دەبێت بەو ئامرازەی کە گوزارشت لەو دۆخی پووچێتییەی بوون دەکات و ئەمەش دەبێت بە بەرهەمهێنەری جۆرێك لە شیعرییەت، کە ئێمە لێرەدا بە (شیعرییەتی هیچگەرایی) ناوی دەبەین، ڕەگی ئەمەش لەڕووی سەرهەڵدانی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ((تەوزیفکردنی ئەفسانە و مێژوو و ئاین لەلایەن (ت.س.ئیلیەت)هوە، کە دواجار پێدراوەکانی ناماقوڵی لێوەبەرهەم هات.))(الاصفر، 1999، 197)

کەواتە دەرکەوتەی زمان لە ڕوانگەی ئەدەبی هیچگەراییەوە دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان ڕەهەندێکی سایکۆلۆجییانەیە، کە پەیوەستە بەو دۆخەی شاعیر و نووسەری هیچگەرا تێیدا دەژی و دووەمیشیان ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە، کە ئەمەشیان پەیوەندیی بە بوونی شاعیر و نووسەرەوە هەیە، وەك بوونێکی مرۆیی. ڕەهەندە سایکۆلۆجییەکانی زمان دەربڕی دۆخە هەنووکەییەکانی دەقە و ڕەهەندە ئۆنتۆلۆجییەکانی گوزارشت لەو دۆخە مێژوویی و ئەفسانەییە دەکەن، کە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی وەك پاشخانێك بۆی ماوەتەوەو بووە بە بەشێك لە بوونی مرۆڤ.

## بەشی دووەم

## پراکتیزەی سایکۆ- ئۆنتۆلۆجییانەی هیچگەرایی زمان لە نموونەی شیعرەکاندا

### تەوەری یەکەم/ دەرکەوتە سایکۆلۆجییەکانی هیچگەرایی زمان

لەڕووی دەروونییەوە هیچگەرایی زمان، کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەیە، کە دەبنە دەرکەوتە بۆی، ئەمەش لە شیعرەکانی ناو ئەم دیوانەی شاعیردا بەرجەستەکراون، لەوانەش: (خەون و مخابن، نامۆیی و بێزاریی، ئاڵۆزیی و شپرزەیی). پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین، کە مەسەلەی مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ هەست و دەرکەوتە دەروونییەکاندا ((یەکێکە لە مەسەلە هەرە سەرەکییەکان و بگرە ئەرکی سەرەکیی شیعر ئەوەیە، کە هەستەکان بورووژێنێت و دەروون بهێنێتە جۆشوخرۆش.))( پاڵەوان، 2011، 312)

### یەکەم/ خەون و مخابن

خەون جیهانێکی ئازادە، کە مرۆڤ دەتوانێت تێیدا بەوپەڕی سەربەستییەوە هەرچییەکی بوێت، ئەنجامی بدات و بەبێ هیچ سانسۆرێك گوزارشت لە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بکات و هەستە چەپێنراوەکانی پراکتیزە بکات، چونکە لە خەوندا مرۆڤ هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نامێنێت و عەقڵ و لۆژیك هیچ رۆڵێکی تێدا ناگێڕن، بەڵام کاتێك ئەم جیهانی خەونە بەرپا نابێت و دەبێت بە مەحاڵ، ئەوکات ئەفسونێك لەدایك دەبێت، کە ئیدی لێرەوە زمانیش بەرەو دۆخی هیچێتیی خۆی دەچێت و ئازادانە دەکەوێتە گوزارشتکردن، چونکە مرۆڤ لە دۆخێکی وەهادا دەگات بەو باوەڕەی کە هیچ شتێك توانای ئەوەی نییە حەقیقەتی بابەتییانەی بۆ بەدي بهێنێت، هەروەك شاعیر لە شیعری (شەپۆلە سەوزە هەمیشەییەکانی سیروان)دا دەڵێت:

ئێمە خەون و بڵێسەی ڕۆحمان بەخشییە خوێنی هەرچی هەژارێك،
ئەوەندەی نەبرد بە ڕشانەوەیەکی پیسی زەردباو بیق کرانەوە.
لەبیرمان کرد، نەمانزانی: تۆ چاوە تەبای دوو چەپکە نێرگزە
زەردەکانت، منیش ڕۆحم
بسپێرینە شەپۆلە سەوزە هەمیشەییەکانی سیروانەوە...
(پیربال، 2007، 19)

ئەوەی لێرەدا سەرنج دەدرێت، ئەو دۆخەیە کە زمان تێیدا دەبێت بە نمایشکەرەوەی خۆی لەناو پووچێتیی بووندا، ئەمەش لەرێگەی (خەون و بڵێسەی ڕۆح)ی شاعیرەوە دامەزراوە، بەوپێیەی کاتێك ماناکان نەبوونەتە بنیات و بە دووی پاساوی گوتنی خۆیاندا لە گەڕدوونی شیکردنەوەی بیر و یادەوەریی زمانەوانی و فیکری هەر کەسێکدا بوونی هەیە. ئەم حاڵەتە دەبێت بە سروتێك، کە شاعیر هەمیشە تێیدا دەژی، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە دەبێت بە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی و خەونەکانی تێیدا هەڵدەوەرێن، ئەوەتا لە (گۆرانییە چکۆلەکانی دوورەوڵاتی)دا دەڵێت:

نیوەشەوان لە گەرمەی خەون
کە دەمەوێ باوەش بە دایکمدا بکەم
یان کە خەریکم قومێك ئاوی سارد لە کانییەکی وڵاتەکەمدا
بخۆمەوە
ڕادەچڵەکم، بێدار دەبمەوە.

(پیرباڵ، 2007، 56)

دیسانەوە شاعیر جوانترین خەونی خۆی بە هیچێتیی بێداربوونەوە لەدەست دەدات و ئەمەش وای لێ دەکات، پتر هەست بەو مخابنە بکات، کە زمانی شیعریی بەلاوە دەپژێنن، هەربۆیە بروا بەوە دەهێنێت، کە خۆی وەکوو شاعیر، رۆڵی سیزیفێك دەگێڕێت و هەرچی دەکات هەروا بەسەریدا تێپەڕێت و ژیانیشی هەروەك خودی پووچێتی بە با دەچێت، شاعیر لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (سیزیف)هوە دەڵێت:

تۆ وەك مۆسیقایت، وەکوو خەون، وەکوو وەخت، وەك

ئاسوودەیی:

هەرگیز ناتوانم لە ئامێزی خۆمت بگرم.

توند توند بە خۆمەوەت دەگوشم

ماچت دەکەم

دەتلێسمەوە

کەچی هێشتا

هەزاران فرسەخ

هەزاران سەراب

لەنێوان دەستی تینووی من و

چاوە شیرینە ئاوییەکانی تۆدا هەیە.

(پیرباڵ، 2007، 68)

## دووەم/ نامۆیی و بێزاریی

مرۆڤ کاتێك لە کۆمەڵگە و دەوروبەری خۆی دادەبڕێت، زیاتر هەست بە نامۆیی و بێزاریی دەکات، چونکە لە رووی دەروونییەوە مرۆڤ بوونەوەرێکە پێویستی بە بوونی کەسانیترە تا بتوانێت لەرێگەی ئەوانەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام کاتێك لە کەسانیتر دادەبڕێت و هیچی بەدەستەوە نامێنێت، ئەوکات رووبەرووی نامۆیی خۆی دەبێتەوەو ئەمەش دەبێتە رۆتین و بەرەو بێزارییەکی قووڵی دەبات. شاعیر لە شیعری (گۆرانییەك بۆ کۆتر سەلام)دا دەڵێت:

من لە چەنگاڵ و کورسی، لە پاپۆڕ و ئایسکرێمەکان،

لە مێزە دەسەسراوییە بازنەییەکان بێزارم.

من لە دەرگا سێ دەرییە پانوپۆڕەکان

لە ساڵۆنە قەرەوێت بەستووە بریقەدارەکان

لە پێپلیکە بازنەییە یازدە قاتەکان

هەموو رۆژ، هەموو رۆژ، هەموو رۆژ

لە بۆنی گەروو، لە بۆنی ماچ، کە دەڵێی لە ناخی قووڵترین چڵپاوە بۆگەنەکانی

دەرد و درم و درۆزنییەوە دێ

بێزارم... بێزارم

(پیرباڵ، 2007، 40)

هەستی نامۆیی و بێزاریی بەئاشکرا و بەبێ هیچ زۆرلەخۆکردنێك لەم کۆپلەیەدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئاخۆ ئەمە هەروا دۆخێکە و بەئاسانی رادەبورێت؟ هەڵبەتە نەخێر، چونکە بێزاریی شاعیر لە ئەنجامی ئەو بەریەککەوتنە قووڵەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ ژیانی تاراوگە و دوورەوڵاتیدا، کە لە کاتی بەرهەمهێنانی شیعرەکەدا تێیدا ژیاوە، بۆیە دەرکەوتنی زمانیش بە ئاراستەی هیچگەراییدا رۆیشتووەو هیچ تەکلیفێکی لە دارشتە زمانییەکاندا نەکردووە، بۆیە زمانی شیعری لە قاڵبە کارپێکراوەکانی پێشوو دەرکردووەتە دەرەوەو شێوازێکی تری پێ بەخشیوە، کە پەیوەندیی لەنێوان بیر و وشەکاندا سەرلەنوێ دامەزراندووەتەوە. شاعیر لە شیعری (نۆزدە ساڵەیی)دا دەڵێت:

غەریبیتان دەکەم!

غەریبی ئەو دەنگە رەنگینە میهرەبانەی کە ئێواران،

کاتێ دەچوومە دەرەوە، پێی دەگوتم:

کوڕی شیرینم، ئاگات لە خۆت بێ

شەو زۆر درەنگ نەگەڕێیتەوە،

سەرمات نەبێ!

(پیرباڵ، 2007، 14)

ئەم کۆپلە بەشێکە لە دەقێکی درێژتر، کە شاعیر لەرێگەیەوە بەشێوەی ئۆتۆبایۆگرافییەك باس لەو یادەوەرییانەی ژیانی گەنجیی خۆی دەکات، کە ئێستا لە دوورە وڵاتیدا و لەناو هەستێکی قووڵی تەنیایی و بێزاریدا یادیان دەکاتەوە، ئەمەش گوزارشتە لە دۆخێکی دەروونیی تەواو هەستەوەری شاعیرانە، کە گەیشتووەتە ئاستێکی ئەوتۆ هیچ شتێك ئارامی ناکاتەوە و نایگەڕێنێتەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی، هەر وەك لە شیعری (تەیراوە خانووی ژمارە 297)دا شاعیر دەڵێت:

چ رێگایەکی سەخت و دژوارە،

رەشەبایەکی توندە دەنگی دێ!

بەڵام من بەم گەڕانە بێهوودەیەی خۆم راهاتووم.

لەخۆم بێکەسێ، لە خۆم غەریبێ:

زۆر دەترسم لەم ئاوایییە نامۆیەدا گۆڕغەریب بم!

(پیرباڵ، 2007، 28)

ئەم گوزارشتێکی راستەوخۆیە لەو دابڕانە کۆمەڵایەتییەی کە شاعیر تێی کەوتووە، بەڵام گرنگییەکەی لەوێدایە، کە ئەو بۆ خۆیشی دەرکی بەو واقیعییەتە تاڵەی ژیان کردووە، بۆیە دەڵێت: (بەم گەڕانە بێهوودەیەی خۆم راهاتووم)، کە دەربڕینێکی تەواو راشکاوە لەبارەی ئەو هەستی هیچگەراییەی تێیدا ژیاوە، ئەمەش لە دەقی (شەپۆلە سەوزە هەمیشەییەکانی سیروان)دا باشتر دەردەکەوێت، کاتێك لە سەرەتای کردنەوەی شیعرەکەدا دەڵێت:

بەختەوەری، وەك کچۆڵەیەکی شان و مل رووت

قژ فرمێسکاوی

لە کونجێکی ژوورەکەمدا هەڵکورماوە، هۆن هۆن دەگری:

بێ ئەوەی پێم بڵێ بۆچی، بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە.

(پیرباڵ، 2007، 16)

لێرەدا شاعیر لەرێگەی ئەو هەستە هیچگەراییەی خۆیەوە سەرنجمان بۆ لای زۆر لە پەیوەندیی و هەستە مرۆییەکان دەگەڕێنێتەوە، بەوەی کاتێك (بەختەوەری) بە کەس دەکات و سیفەتی گریانی پێ دەبەخشێت، هەموو ئەمەش لەپێناو ئەوەی بڵێت، تەنانەت بەختەوەریش بەدەست نامۆیی و بێزاریی منەوە،

هۆن هۆن دەگری. هەربۆیە هەرچی شتێك لەم ژیان و جیهانەدا بوونی هەیە، دەبێتە مایەی وەڕسی و بێزاری بۆ شاعیر، هەروەك لە شیعری (خانوو بە کۆڵ)دا دەڵێت:

تۆ ئەی ئەوەی کە پەنجەکانت ڕێ نیشاندەری تیشکی خۆر و ڕێی دەریایە!

من لە هەرچی ڕێیەك هەیە زۆر بێزارم

من لە هەرچی ماڵێك هەیە زۆر بێزارم.

(پیربال، 2007، 78)

## سێیەم/ ئاڵۆزیی و شپرزەیی:

ئاڵۆزیی و شپرزەیی دوو دەرکەوتە و دۆخی دەروونین، کە یەکیان بەبێ ئەویتر هەڵناکات، واتە هەریەك لەم دووانە پێکەوە سەرهەڵدەدەن، بەوەی مرۆڤ دەخەنە ژێر گوشارێکی زۆری دەروونییەوە، ئەمەش وا دەکات هەست بە هیچێتی ژیان و بوون بکەین، چونکە لەڕاستیدا ژیان بۆ خۆی لەناو ئاڵۆزیی و شپرزەییەکی گەورەدایە، ئەمەش کاتێك دەبێت بە حەقیقەت بەلای مرۆڤی شاعیرەوە، ئەوکات ڕاشکاوانە گوزارشتی لێ دەکات، هەروەك لە شیعری (ناو)دا شاعیر ناوی یارەکەی لێ تێك دەچێت و ناتوانێت بە تەواوەتی گۆی بکات، کە ئەمەش دەلالەتە بۆ ئەو ئاڵۆزیی و شپرزەییەی تێی کەوتووە:

گژارینا

گێڕاژنا

گەڕژانیا

گیرەژانا

گاڕانیژا

گرایناژا...

ناوت زۆر گرانە: گرانیژا!

(پیربال، 2007، 55)

دیسانەوە ئەم شپرزەیی و ئاڵۆزییە دەبێت بە هەوێنی دەقێکی تر، کە تێیدا نمایندەی هەستی سایکۆلۆژیی خۆی دەکات لەڕێگەی زمانێکی هیچگەراییانەی شیعرییەوە، بەوەی ئەم ئاڵۆزیی و شپرزەییە وا لە شاعیر ئەکات، کە زمان بەتەواوەتی ببێت بە زمانێکی هیچگەرای پەتی، هەربۆیە دەربڕین و گوزارەکان تێکدەشکێن کاتێك لە شیعری (ز)دا دەڵێت:

یەك: زەردە

دوو: سەوزە

بەڵام دوو ڕەنگی هەڵبزرکاوە.

سەوز و سەوز دەکا چوار

بەڵام چوار ڕەنگی هەڵدێزراوە.

شەش و شەش دەکا شین

بەڵام شین ڕەنگی هەڵبزرکاوە

من زەردم پێ جوانە

تا هەمیشە لە یەك تەنیاتر

تەنیای تەنیا دەمێنمەوە

(پیربال، 2007، 74)

ئەمەش گەیاندوویەتی بەو حاڵەتەی کە تێیدا تەنیایی خۆی لە هەموو شتێك پێ گونجاوترە، هەڵبەتە ئەمەش دەرئەنجامی ئەو ئاڵۆزیی و شپرزەییەیە، کە شاعیری تێ کەوتووە، پاش ئەوەی ساڵانێکی زۆر ژیانی غوربەت و نامۆیی بەسەردەبات و وڵاتەوڵات لە دەست زوڵم و زۆری سیاسی سەردەمی ڕژێمی بەعس هەڵدێت، هەروەك دەڵێت:

هەر پارچەیەکی بوونم، ژیانم

لە دەمەوخۆر ئاوابوونێك

لە دوورگەیەك

لە پەنا دارێك

لەپاڵ ئازارێك

لێ بەجێ ما:

چاوم لە تاران، خەیاڵاتم لە ئەنقەرە

پارەوپووڵیشم لە دیمەشق، دڵم لە وارشۆ

گۆڕی خوێنیشم، لە بەندەرە سڕەکانی کۆپنهاگن.

(پیربال، 2007، 15)

## تەوەری دووەم/ دەرکەوتە ئۆنتۆلۆجییەکانی هیچگەرایی زمان

لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە هیچگەرایی زمان کۆمەڵێك دەرکەوتەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە نموونەی شیعرەکانی شاعیر لەم دیوانەیدا ڕەنگیان داوەتەوە، لەوانەش: (نیگەرانی، تەنیایی و مەرگ).

## یەکەم/ نیگەرانی:

نیگەرانی دۆخێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی مرۆڤە، نەك ئەوەی بە هەڵە وەك دۆخێکی سایکۆلۆجی لە قەڵەم دەدرێت، واتە لەڕاستیدا مرۆڤی ڕەسەن دەبێت مرۆڤێکی نیگەران بێت، بۆئەوەی دەرك بە نەبوونی خۆی لەناو بووندا بکات، بەوپێیەی کە بوونی ئەو لەناو کاتدا بەرەو نەمان دەچێت، هەروەك ئەوەتا نیگەرانیی شاعیر لە ئاستێکی ئەوەندە قوڵدایە، کە تەنانەت پێش ڕووداوەکان دەکەوێت، ئەوەتا لە شیعرێکدا بەناونیشانی (Aanne Claire) دەڵێت:

پێش هەر ماچێك: لەبیرچوونەوەی

هەر پیاسەیەك: بەسەرچوونی

هەر باوەشێك: جیابوونەوەی...

ئازارم دەدا.

(پیربال، 2007، 87)

ئەمەو دیسانەوە ئەم نیگەرانییە قووڵە هەر لە هەمان ئەو شیعرەدا درێژەی هەیە، کاتێك دەڵێت:

ئێمە بەختەوەرین ئازیزەکەم

چونکە پێکەوەین

ئێمە بەدبەختین ئازیزەکەم

چونکە سەرئەنجام لەیەکتری جیادەبینەوە.

(پیربال، 2007، 82)

کەواتە شاعیر ئەگەرچی لە پێکەوەبووندا وەك هەر عاشقێکی تر هەست بە بەختەوەری دەکات، بەڵام ئەو بەختەوەرییە قوڵ نییە، چونکە لەو چرکەساتانەی پێکەوەییدا هێشتا نیگەرانە بۆئەو کاتەی کە تێیدا پێکەوەیی دەبێت بە لێکدابڕان، بەم شێوەیە شاعیر دەیەوێ ئەوە بڵێت، کە نیگەرانی دۆخێکی ئۆنتۆلۆجیکییە و دانەبڕاوە لە بوونی مرۆیی.

شاعیر وەك هەر مرۆڤێکی ڕەسەن، هەستی بەو نیگەرانییە ئۆنتۆلۆجییە کردووە، کە مرۆڤ لەناو کاتدایە و بوونی ئەو بۆ مەرگە، بۆیە ئەوەتا لە شیعری (پەلکە گیاکان)دا، نیگەرانی ئەوە دایگرتووە، کە ڕۆژگار بەسەر دەچێت و هەموو شتێکیش کە پێشتر بە شەوقەوە لە چاوەڕوانیدا بووین، دەبێت بە خەون و خەیاڵی دەمبا، ئەوەتا دەڵێت:

ڕۆژانی تەمەن بەسەر دەچێ و سات بە سات پتر
لەو هەوارە تاڤگەییە ڕەنگاوەڕەنگەتان دوور دەکەومەوە
لە باخچەی پاراو، دێبەری دوورتان تەنانەت تاڵەگیایەکیش
بۆنکردن:
بۆتە خەون، بۆتە خەیاڵ.

(پیربال، 2007، 64)

## دووەم/ تەنیایی:

تەنیایی ئەگەر دەرئەنجامی نیگەرانی و نامۆیی بێت، ئەوا وەك دەرکەوتەیەکی ئۆنتۆلۆجی دێتە ئەژمار، بەڵام ئەگەر خۆبەخۆ بۆ ئەو مەرامە بێت، کە مرۆڤ خۆی لە کەسانی تر بدزێتەوە و خۆی لە بەرپرسارێتی دوور بگرێت، ئەوکات دەبێتە دۆخێکی ناڕەسەنی مرۆیی و تێیدا مرۆڤ بوونی ڕەسەنی خۆی لەدەست دەدات، لێرەوە شاعیر لە شیعری (Hotel Paradis)دا دەڵێت:

لەم سەرزەمینە پانوپۆڕەدا
لە شارێکی فەرامۆشکراوی قەراغ ئاوارەییدا
لە ئوتێلێکی دەرەجە نۆ
لە ژوورێك، لە قوژبنێکی کەسیرەدا
بێ ئاگردان،
تەنیا: دانیشتووم بەدیار
چەند ڕەسمێکی یازدە ساڵ پێش ئەمڕۆوە
دەگریم...

(پیربال، 2007، 39)

ئەم حاڵەتی تەنیاییە هێندە لە ناخی شاعیردا قووڵ ڕۆچووە، بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ، کە هەمیشە بوونی خۆی لەگەڵ تەنیاییدا ئاوێتە دەکات و ناتوانێت لە ڕابردووی خۆی دابڕێت، کە ئەمەش زیاتر دەچێتەوە سەر هەستێکی نۆستالیژییانەی فرەمەودا و فرە ڕەهەند، کە تەنانەت لە تێکستێکی تری شیعریدا بەناونیشانی (مەیتی ئاسوودەیی) دەڵێت:

ئەی شەو بگری!
ئەی غەم بگری!
ئەی ڕۆح بگری!
بگری
بگری
بگری بەسەر
مەیتی نازداری یادگارەکانا!

(پیربال، 2007، 80)

بۆیە تەنیایی هێندە زۆر بۆ شاعیر دەهێنێت، کە تەنانەت بیری شتە پووچ و بێماناکانی ژیانی ڕابردووی خۆی بکات و بەدیاریانەوە بەکوڵ بۆیان بگری، ئەو شتانەی کە لەڕاستیدا هی ئەوە نین مرۆڤ غەریبیان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لەڕێگەی بەگەڕخستنی هەستەکانییەوە ئەو کەرەستانە دەکات بە بابەتی شیعرەکەی و هەروەك لە کورتەدەقێکی شیعریی تریدا بە ناونیشانی (ژ)، دەڵێت:

بیری
قاڵدرمەی
ناو حەوشەکەمان
دەکەم
کە دەیگەیاندمەوە
ژوورە
بەرزەکەم...

(پیربال، 2007، 81)

ئەم هەستە شاعیرییەش کە تێیدا زمانی شیعریی هیچگەرا کەوتووەتەگەڕ، لەو پێودانگەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مرۆڤی شاعیر ئیتر هیچ شتێك نابێتە داڵدەدەر و سێبەری ئاسوودەیی بۆی، بەم چەشنە هیچ لەنگەرێك نایگرێتەخۆ، تەنانەت خۆشترین شوێنەکانی ئەم جیهانەیش، ئەگەرچی ئەو وەك مرۆڤ بوونێکە لەناو خۆی و بۆ خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك دەبینین دەڵێت:

لە بەندەرە مەملەکەتی پەمبە ساردەکانی ئەستەمبوڵەوە
تا بەرحەوشەی کاتێدراڵە پیرۆزەکەی سانتیاگۆ
بستێ زەویی میهرەبانم نەدۆزییەوە کە خەونەکانمی تیا بروێنم،
لەسەر شۆستە زێڕەوشانەکانی دیمەشقەوە
تا چیمەن و قەراغ ڕووبارە ڕەنگینەکانی سێنگەستین هیچ
باوەشێکم نەدۆزییەوە
کە داڵدەی تەنیایی و بێکەسیم بدا.

(پیربال، 2007، 61)

## سێیەم/ مەرگ:

مەرگ پێدراوێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی مرۆڤە، هەربۆیە لە ڕوانگەی هیچگەراییەوە مەرگ دێوەزمە نییە، بەڵکوو دیوێکی تری ژیانە، واتە مەرگ و ژیان بەرانبەرن بە نەبوون و بوون، بۆیە لەڕاستیدا شیعرییەتی هیچگەرایی لەپێناو ئەوەدا باس لە مەرگ دەکات، کە ناشرینییەکانی بوون دەربخات و بۆئەوەی مرۆڤ هەست بە دیوە شاراوەکەی نەبوون بکات، هەروەك نیچە لە کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا، لەبارەی ڕۆڵی ئەدەب و هونەر و شیعرەوە دەدوێت و کاریگەرییەکانی لەوبارەیەوە ڕوون دەکاتەوە، کە پێی وایە جیهان و ژیان پڕن لە ترس و تۆق و جۆرێك لە

تراژیدیای قووڵ، کە بۆ ئەمەش تەنها هونەر و ئەدەب و بەتایبەتیش شیعر دەتوانێت ئەم تراژیدیایە بگۆڕێتە سەر زمانێك، کە گوزارشت لەو دۆخە ئۆنتۆلۆجییەی بوون بکات،(دەروانرێتە: نیچە، 2019، 35 و دواتریش) بەم شێوەیە شاعیر هەست بەم حاڵەتە دەکات، کاتێك لە شیعری (مەرگی غروور)دا دەڵێت:

برادەرەکەم سەردار!

ئەی بە مەرگی خۆت غروور!

ئەوا تۆش تەبای هاوڕێکانی دیکەم:

بێزارلەدەست ئەم دنیا وەك ماڵی زڕبرا،

پڕ لە قەهرە بێ خواحافیزی لە هەقیقەت،

بێ ماڵئاوایی لە کتێبی سەردەلاقەکانت... ڕۆیشتیت!

(پیرباڵ، 2007، 97)

هەروەها دیسانەوە لە شیعری (مەرگی غروور)دا، درێژە بەم تراژیدیای مەرگە دەدات و لەڕێگەی ئەفراندنی فیگۆری برادەرەکەیەوە (سەردار) دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە ((ئەوانەی کە مەرگ وەك دیاردەیەکی قێزەون دادەنێن، کەسانێکن کە بیر لە بەردەوامی و زیندووبوونێکی هەتاهەتایی دەکەنەوە، لەحاڵەتێکدا، کە بوون ئەو کاتە دەبێتە خاوەنی شوناسێکی تایبەتی خۆی و ئەوکاتە دەبێتە هەڵگری بایەخێکی گەردوونی، کە کۆتاییەکی دیاریکراوی هەبێت، ئەم کۆتاییەش تەنیا مەرگ دەتوانێ دەستەبەری بکات.))( سلێمانی، 2011، 67)

من هیچ دڵۆپە فرمێسکێکی دیکەم لە گیان نەماوە هەڵیڕێژم

وەك تاوانبارێك پێش ڕەمی کران، دەچمە بەرامبەر ئاوێنەکەم

تف لە چاوانی بە دەرد زەردی خۆم دەکەم:

تۆ ئەی سەربڵندی و شکۆ!

تۆ نەدەبووایە ئاوها بمریت،

تۆ دەبووایە لە شەڕێکی ئازادیخوازدا، لە بەرەنگاربوونەوەی زوڵمێکدا

یان هیچ نەبێ لە کاتی ڕواندنی گوڵێکدا گیان لەدەست بدەیت.

(پیرباڵ، 2007، 94)

ئەمەش ئەو ئەسەفە قووڵەیە بۆ مەرگی مرۆڤ، کە لەڕاستیدا دەبێت لە شوێن و کاتی شیاوی خۆیدا بێت، نەك بەو شێوە پووچەی کە زۆرجار شایستەی گێڕانەوەش نییە، بەڵام دواجار ئەمە چارەنووسی هیچی مرۆڤە، کە هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت بە ئاراستەیەکی تریدا بەرێت، بەدەر لەو یاخیبوونەی کە پێویستە مرۆڤی هیچگەرا بەرانبەری بەرپای بکات، لەم ڕوانگەشەوە ((مرۆڤ کاتێك بیرلە بوون دەکاتەوە دەبێ بیر لەوەش بکاتەوە، کە ئەگەر مەرگ نەبووایە، بوون هیچ مانایەکی نەدەبوو. هەروەك (مۆریس بلانشۆ) دەڵێت: بەبێ مەرگ، هەموو شتێك لە پووچی و بێهوودەییدا نوقم دەبوو. جا بۆیە ئەگەر بوون خاوەن و هەڵگری جوانی بێت، ئەوە مەرگ بۆی دێنێتە بەرهەم.))(سلێمانی، 2011، 67)

## ئەنجام

1. هیچگەرایی ڕێبازێکی ئەدەبی- فەلسەفییە و پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە دیوەکەی تری بوون، کە ئەویش بریتییە لە نەبوون و هەوڵدەدات لەم ڕێگەیەوە گرنگیی مرۆڤ لە بایەخی ژیان و بوونی خۆی تێ بگات، ئەمەش پەیوەندیی هیچگەرایی بە فەلسەفەی بوونگەراییەوە دەردەخات.
2. پەیوەندیی لەنێوان شیعر و هیچگەراییدا پەیوەندییەکی لەڕێگەی زمانەوە دادەمەزرێت، واتە کاتێك زمان دەبێتە خاوەنی بوونێکی سەربەخۆ، ئەوکاتیش دەبێت بە ماڵێك بۆ ڕەنگدانەوەی بوونی مرۆیی تێیدا، بەم شێوەیە تەنها دەروازەیەك بۆئەوەی لێیەوە بچینە ژووری ئەو ماڵەوە، بریتییە لە شیعر، شیعریش دەبێت بە گوزارشتێکی هیچگەراییانە لەو بوونەی کە دەیەوێت بیناسێنێت.
3. فەرهاد پیرباڵ لە دیوانی ئیگزیلدا توانیوەتی هیچگەرایی زمان لە هەردوو ئاستی سایکۆلۆجی و ئاستی ئۆنتۆلۆجیشدا بەگەڕبخات، بەوپێیەی کە سەرجەم دەرکەوتەکانی هیچگەرایی لە هەردوو ئاستە ناوبراوەکەدا لەنێو شیعرەکانیدا بەرجەستە کراون.
4. لە ئاستی سایکلۆجیدا هەریەك لە دەرکەوتەکانی (خەون و مخابن، ئاڵۆزیی و شپرزەیی، نامۆیی و بێزاریی) بەرچاو دەکەون و لە ئاستی ئۆنتۆلۆجیشدا (نیگەرانی و تەنیایی و مەرگ) بوونیان هەیە.

## لیستی سەرچاوە وژێدەرەکان


1. ئارێز، (بێ ساڵی چاپ)، لۆژیك و ئەبستمۆلۆژیا و میتافیزیك لە دیدی فەلسەفییەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ئایدیاوالا.
2. بەرزنجی، ئازاد (2006)، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.
3. پاڵەوان، سەلاح حەسەن (2011)، مێژووی گریان، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەبینایی.
4. پیرباڵ، فەرهاد (2007)، پەناهەندەی ژمارە 33333 (سەرجەم شیعرەکان)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی پاك.
5. تەرەقی، ئارەش (1998)، بوون و نەبوون لە نیگای خەیام و مەولاناوە، وەرگێڕانی: کەیوان هەورامی، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
6. حاجی زادە، محەمەد (2018)، فەرهەنگی ڕاڤەیی (ئیزم)ەکان، وەرگێڕانی: سیروان موسا پوور، چاپی یەکەم، هەڵەبجە، کتێبخانەی هەژار موکریانی.

7. حوسێن، هیمداد (2014)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

8. سلێمانی، سەعید (2011)، دەرکەوتەی دڵخوازی مەرگ، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی لەریا.

9. سەڵاحی، مەلەك یەحیا (2008)، هزرە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا، وەرگێڕانی: هیوا مەجید، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای موکریانی.

10. شمیسا، سیروس (2018)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.

11. کامل، مەجدی (2015)، نیچە فەیلەسوفێکی بەرزەفڕ، وەرگێڕانی: حەیدەر عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.

12. کامۆ، ئەلبێر (2012)، مرۆڤی یاخی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.

13. کامۆ، ئەلبێر (2015)، ئەفسانەی سیزیف، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.

14. کەمال، محەمەد (2007)، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپی یەکەم، دهۆك، دەزگای سپیریز.

15. کۆمەڵێك نووسەر، (2011)، نیچە، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ئایدیا.

16. گاردەر- بیۆهمە، یۆستەین- ئۆتە (2014)، جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا، وەرگێڕانی: بەهرۆز حەسەن، چاپی چوارەم، سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.

17. لۆبیکا، پۆل (2019)، فەرهەنگی فەلسەفی، وەرگێڕانی: کەمال فەرەج محەمەد چوارتایی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای جەمال عیرفان.

18. میراودەلی، کەمال (1979)، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

19. میهرین، میهرداد (2009)، قوتابخانە فەلسەفییەکان، وەرگێڕانی: سیدۆ داود عەلی، چاپی دووەم، سلێمانی، خانەی ڕێنما.

20. نیچە، فریدریك (2019)، لەدایکبوونی تراجیدیا، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، هەولێر، کتێبخانەی فێربوون.

21. یاسین، عوسمان (2000)، فریدریك نیتشە، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای موکریانی.

22. احمد، ابراهيم (2008) انطولوجيا اللغة عند مارتين هيدجر، الطبعة الاولى، الجزائر، الدار العربية للعلوم ناشرون.

23. الاصفر، عبدالرزاق (1999)، المذاهب الادبية لدى الغرب، الطبعة الاولى، دمشق، منشورات اتحاد الكتاب العرب.

24. اورو، سيلفان (2012)، جاك ديشان، جمال كولوغلي، ترجمة: بسام بركة، مراجعة: ميشال زكريا، الطبعة الاولى، بيروت، المنظمة العربية للترجمة.

25. فاتيمو، جياني (دون سنة الطبعة)، نهاية الحداثة الفلسفات العدمية والتفسيرية في ثقافة ما بعد الحداثة، ترجمة: فاطمة الجيوشي، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة السورية.

26. المنجد في اللغة والاعلام (2008)، طبعة المئوية الاولى، بيروت، دار المشرق.

27. منصور، حسن عبدالرزاق (2008)، الشعر والعقل، الطبعة الاولى، عمان- الاردن، دار فضاءات للنشر والتوزيع.

28. هيوستن، نانسي (2012)، أساتذة اليأس- النزعة العدمية في الادب الاوروبي، ترجمة: وليد السويركي، الطبعة الاولى، أبوظبي- أمارات، مطبعة كلمة.

29. جركس، ابراهيم (2017/4/20)، ما العدمية، موقع الحوار المتمدن، http://www.alhewar.org.com